




ئالان ودس

وەرگێڕانی: فاکت


# ئەڵتەرناتیڤی تەقینەوەی مەزن (Big Bang)

«گەردوون نە سەرەتای هەیە و نە کۆتایی»

بڵاوبوونەوەی کتێبی «عەقڵ لە شۆڕشدا» پێشوازییەکی گەرموگوڕی لێکرا لەلایەن خەڵکێکی زۆرەوە، نەک تەنها لەناو چەپەکاندا، بەڵکو لەلایەن زانایان و چاودێرانی فەلسەفە و تازەترین تیۆرە زانستییەکانیشەوە، وەک تیۆری شێواوی و ئاڵۆزی ، کە لە چەندین ڕووەوە ڕەنگدانەوەی تێڕوانینێکی دیالەکتیکییە بۆ سروشت.

دوایین دۆزینەوە ئارکیۆلۆژییەکان، بە شێوەیەکی تایبەتیش کارە پێشەنگەکانی (ستیڤن جەی گۆڵد)، واتە «هاوسەنگیی لێکبچڕاو»، بە شێوەیەکی جەوهەریی ئەو تێڕوانینە کۆنەی هەموار کردەوە کە دەڵێت پەرەسەندن پرۆسەیەکی پلەبەپلەی هێواشە، کارەساتەکان و بازدانە لەناکاوەکان، ناتوانن ببنە بەربەست لەبەردەمیدا. گۆڵد خۆی بایەخێکی بێپایانی داناوە بۆ بەشدارییەکەی ئەنگڵس لەم بارەیەوە، ئەویش لە کتێبە نایابەکەیدا «ڕۆڵی کارکردن لە گۆڕینی مەیمون بۆ مرۆڤ»، کە لەوێدا بە شێوەیەکی داهێنەرانە دوایین دۆزینەوەکانی دەربارەی ڕەگوڕیشەی مرۆڤایەتی خستۆتەڕوو.

کاتێک کتێبی عەقڵ لە شۆڕشدا بۆ یەکەم جار بڵاوکرایەوە، هاوکات چەندین هەنگاوی سەرنجڕاکێشی دیکەمان بینی لە جیهاندا- بە شێوەیەکی تایبەتیش هەنگاوە گرنگەکانی بواری ژینۆم (زانستی جیناتی مرۆڤ). ئەنجامی ئەم دۆزینەوە و هەنگاوانە چەکوشێکی بەهێز بوون بۆ تێکشکاندنی هەڵوێست و بیروباوەڕە حەتمیی و جەبرگەراییە بۆماوەییەکان، هەمان ئەو هەڵوێست و بیروباوەڕانەی ئێمە لە عەقڵ و شۆڕشدا ڕەخنەمان لێ گرتبوون. ئەم لێدانە کوشندەیە بەرەورووی هاتوهاواری ئەو کەسانە بوو کە باوەڕیان بە چیرۆکی خوڵقاندن هەیە، و لەپێناو [بەڕاست دانانی] بەشە سەرەتاییەکانی سفری پەیدابووندا، داروینیزم ڕەتدەکەنەوە. هاوکات بەربەستێکی گەورەش بوو لەبەردەم ئەو کەسە ڕەگەپەرستانەی هەوڵیان دەدا باشییەکانی زانستی بۆماوەزانی (علم الوراثة) بەکاربهێنن بۆ گەرمکردنی بازاڕی «تیۆر»ـە زانستییە کۆنەخوازە ساختەکانیان. هەندێک کەس لەو باوەڕەدا بوون کە بەشێکی کتێبی عەقڵ لە شۆڕشدا هەزمکردنی قورسە- ئەوەش هەمان ئەو بەشە بوو کە تەرخان کرابوو بۆ کۆسمۆلۆژیا (زانستی گەردوون)، چونکە ئێمە لەو بەشەدا کەتبووینە ناو مشتومڕەوە دژ بە تیۆری تەقینەوەی مەزن. وەها دیارە ئەو نموونە ستانداردەی دەربارەی گەردوون چەسپیوە، دەستکاریکردن و گۆڕینی ئەستەم بێت. زۆرینەی خەڵکیش بەبێ هیچ ڕەخنەیەک قبوڵیان کردووە. گومان لێکردنیشی تاڕادەیەک ئەستەمە، وەک ئەوە وایە پاپای ڤاتیکان بێت و چەمکی پاکیزەیی (Immaculate Conception) بخاتە ژێر نەشتەری گومانەوە.

تیۆری تەقینەوەی مەزن (Big Bang theory) هەوڵێکە بۆ ڕاڤەکردنی مێژووی گەردوون بە پشتبەستن بە دیاردە دیاریکراوەکان، بەتایبەت ئەو فاکتەی کە ئێمە دەتوانین ببینین کە هەسارەکان ئێستا تەنکن و زۆر نزیک نیین لە یەکەوە، هەربۆیە زۆرێک لە ئەستێرەناسەکان لەو باوەڕەدان کە ئەم پێکەوە کۆبوونەوەیەی ئەستێرەکان، لە ڕابردوودا بە

مەودایەکی گەلێک زیاتر لە یەکەوە نزیک بوون. ئەگەر بە فلاشباکێک بگەڕێینەوە بۆ دواوە، ئەوا مادە و فەزا و کات لە خاڵێکدا و لە میانەی تەقینەوەیەکی زەبەلاحەوە لەدایکبوون، ئەم تەقینەوەیەش بڕێکی زەبەلاح وزەی تێدا بووە.

بە گوێرەی ئەو مۆدێلە کۆسمۆلۆژییەی لەسەر ئاستێکی بەرفراوان قبوڵ کراوە، کە ناسراوە بە مۆدێلی هەڵاوسان ، گەردوون بە یەک جار و لە مادە و وزە دروستبووە. کەواتە ئەمە چییە جگە لە هاوبەرامبەرە مۆدێرنەکەی ئەو باوەڕە ئایینییە دێرینەی پێی وایە جیهان لە هیچەوە دروست بووە. [تیۆری] تەقینەوەی مەزن بانگەشەی ئەوە دەکات کە سەرەتایەک بۆ فەزا و کات و مادە هەیە. ئیدی لەگەڵ هەڵاوسانی گەردووندا لەپاش ئەو ڕووداوەوە، مادە و وزە لە فۆرمی کۆمەڵە تۆپەڵ و بارستەیەکدا بڵاوبوونەتەوە. ئەم بڵاوبوونەوەیەش دەشێت تا ئەبەد بەردەوام بێت.

ئەم مۆدێلە لە ئاستێکی فراواندا پەسەند کرا، چونکە کۆمەڵێک تایبەتمەندیی گرنگ شیدەکاتەوە کە لە گەردووندا دەیانبینین؛ بۆ نموونە وەک ئەوەی هەموو شتێک خودی خۆیەتی لە هەموو ئاراستەکاندا، هەروەها ئەو حەقیقەتەش کە گەردوون «ڕووتەخت Flat» (واتە هێڵە هاوتەریبەکانی چەندێکیش درێژ ببنەوە بەیەک ناگەن و بەریەک ناکەون).

(ڕۆبەرت بی کیرشنەر)ی فیزیاناس و ئەستێرەناس لە زانکۆی هارڤارد، تێبینیی ئەوەی کردووە کە «کە تیۆری هەڵاوسان کاریگەرییەکی بەرفراوانی هەیە». هیچ بەڵگە و سەرنجێکیش نییە هەڵبوونی بسەلمێنێت. پاش دەڵێت «بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە ڕاست بێت» (ناشناڵ جیۆگرافیک نیوز؛ نیسانی 2002).

لە ڕاستیدا ئەم تیۆرە چەندین کێشە و کەلەبەری بەرچاوی تێدایە، کە ئێمە لە کتێبی عەقڵ لە شۆڕشدا بە وردیی و تێروتەسەلی خستومانەتەڕوو. بەتایبەت ئەو پرسیارانەی پەیوەستن بەوەی «پێش» تەقینەوەی مەزن چی ڕوویداوە، کە هیچ ڕێگەیەک نییە بۆ خستنەڕووی ئەم پرسیارانە، چونکە گریمانەی ئەوە دەکرێت کە «پێشتر» هیچ نەبووە- بەوپێیەی زەمەن نەبووە. بەم شێوەیە کۆتوبەندێکی ڕەها دانراوە دەربارەی ئەگەری تێگەیشتنمان لە گەردوون، بەمەش دەرگاکە بە کراوەیی جێهێڵدراوە لەبەردەم گشت جۆرە ئایدیایەکی غەیبیی و ئەبستراکتدا- کە لەم ساڵانەی دواییدا بە وەک باران بە لێزمە دادەبارین. لەگەڵ ئەوەشدا تیۆری هەڵاوسان، لە کۆتایی حەفتاکانەوە کە سەریهەڵداوە هەتاوەکو ئێستا هەر لەسەر گۆڕەپانی زانستیی وجودی هەبووە و هەیە، لەو دەمەی زانایانی گەردووناس یەک بە دوای یەک ئەو ئایدیایانەی دیکەیان پشتگوێ خستووە کە خراونەتەڕوو.

بەڵام سەرەتاکانی کۆمەڵە کێشەیەکی نوێ بۆ ئەم تیۆرە ئێستا دەرکەوتوون. بۆ نموونە کاتێک ساڵی 1998 لێکۆڵینەوە لە ئەستێرە دوورە تەقیوەکان ئەوەیان دەرخست کە گەردوون بە ڕیتمێکی ڕوولەخێرا درێژدەبێتەوە. ئەمە جێگەی سەرسوڕمانێکی گەورە بوو، چونکە زۆرینەی توێژەران پێیان وابوو کە گەردوون هەر بە هەمان ڕیتم درێژدەبێتەوە

بـۆ هەتاهەتایـە، یـان خاوەدەبێتـەوە و دەچێتـەوە یـەک، و بەمـەش فراوانبوونـی گـەردوون دەگۆڕێـت بـۆ یەکگرتنـەوەی گـەردوون، کـە ئەمـەش بـە تیـۆری «یەکهاتنـەوەی مـەزن Big Crunch» ناودەبرێـت.

لـە ماوەکانی ڕابـردوودا (پـۆڵ جـی شـتاینهاردت) و (نیـڵ تـۆرۆک)ی هاوڕێـی لـە زانکـۆی کامبریـج ڕاپۆرتێکیـان پێشـکەش کـرد و لـە گۆڤـاری بایەخـداری «زانسـتەکان Science»دا بڵاوکرایـەوە، ڕاپۆرتەکـە تەحەدایەکـی جدیـی حکـوم و بڕیـارە چەسـپیوەکان بـوو. ئـەم دوو زانایـە نموونەیەکـی نوێیـان پێشـکەش کـرد بـۆ ڕاڤەکردنـی ماهیەتـی گـەردوون و چارەنووسـی گـەردوون -کـە هەمـان ئـەو دیدگایەیـە ئێمـە لـە کتێبـی عەقـڵ لـە شۆڕشـدا پێـی گەیشـتووین- کـە بەوپێیـەی گەیشـتوونەتە ئـەو بـاوەڕەی گـەردوون «نـە کۆتایـی هەیـە و نـە سـەرەتا».

شـتاینهاردت و تـۆرۆک ئاماژەیـان بـەوە داوە کـە «مۆدێلی پێـوەر» چەندیـن کەموکورتیـی هەیـە. چونکـە ناتوانێـت پێمان بڵێـت کـە چـی ڕوویـداوە پێـش تەقینـەوەی مەزن، یاخـود ناتوانێـت ڕوونکردنەوەمـان بداتـێ دەربـارەی چارەنووسـی کۆتایـی گـەردوون. ئایا ئـەم گەردوونـە تـا هەتاهەتایـە فـراوان دەبێـت، یاخـود [لـە فراوانبـوون] ڕادەوەسـتێت و دەچێتـەوە یـەک؟ ئەمـە هەندێـک لـەو ڕەخنانـەن کـە لـە کتێبـی عەقـڵ لـە شۆڕشـدا وروژاندوومانـن.

ئـەم دوو زانایـە بـاس لـەوە دەکـەن کـە گـەردوون بـە خولێکـی بێکۆتاییـدا دەڕوات -هـەر لـە تەقینـەوەی مەزنـەوە بـە تێپەڕیـن بـە هـەوراز و نشـێوییەکاندا- و پاڵنەرەکەشـی (وەک ئـەوەی ئێمـە ڕاڤەمـان کردبـوو) بریتییـە لـە «وزەیەکـی تاریـک Dark energy». هەروەهـا جەخـت لـە پێویسـتیی بەهەنـد وەرگرتنـی ئەو دۆزینـەوە تازانـە دەکەنـەوە کـە دەسـتەبژێری زانسـتییان تووشـی سەرسـوڕمان کـردووە- بـە نموونـە وەک ئـەو تێبینییـەی دەڵێـت هەمـوو شـتێک لەنـاو گەردووندا و بە ڕیتمێکـی ڕوولەخێرایـی لـە جوڵەدایـە. چاودێریـی ئـەم ڕوولەخێراییبوونـە کـراوە و دەرکەوتـووە کـە ڕاسـتییە. مۆدێلـی پێـوەر پێشـبینیی ئـەم تایبەتمەندییانـەی [لـە گـەردوون] نەکـردووە.

بـۆ ڕوونکردنـەوەی زیاتـر، فەلەکناسـەکان هەسـتان بـە وروژاندنـی ئایدیایەکـی کـۆن، کـە دەڵێـت فـەزا (بۆشـایی) ئـەو شـتە لەخۆدەگرێـت کـە بـە وزەی تاریک ناودەبرێـت، کـە بـە پـاڵ بـە هەسارەکانەوە دەنێـت بـۆ دوور. (شـتاینهاردت و تـۆرۆک) ئـەم وزەیـە -یـان بـە مانا ماتماتیکییەکـەی ئـەم کایـە ژمارەییـە- بـە چەقـی مۆدێلە نوێیەکەیـان دادەنێـن. ئـەوان لـەو بـاوەڕەدان وزەیەکـی تاریـک ڕابەرایەتیـی چالاکییەکـی خولیـی دەکات، ئـەم چالاکییـەش تەقینەوەیەکـی مـەزن لەخۆدەگرێـت، پـاش ئـەو تەقینەوەیـەش قۆناغێـک لـە فراوانبـوون دێـت، کـە وەهـا دەکات گـەردوون نـەرم و بەتـاڵ و ڕووتەخـت بێـت.

ئـەم مۆدێلـە نوێیـە ئەڵتەرناتیڤـی مۆدێلـی پێـوەرە. [بـە گوێـرەی ئـەم مۆدێلـە نوێیـە] تەقینـەوەی مـەزن سـاتی خوڵقـان و دروسـتبوون نییـە، بەڵکـو [خاڵـی] وەرچەرخانـە لەنێـوان دوو خولـدا و لـە پرۆسـەیەکی بێکۆتـای دووبارەلەدایکبوونـەوەی کۆسـمۆلۆژییدا. هـەر بـە گوێـرەی ئـەم مۆدێلـە، بـە دوای تەقینـەوەی

مەزندا ماوەیەک لە بەرفراوانبوونێکی هێواش و کەڵەکەبوونێکی پلەبەپلەی وزە تاریکەکە دێت. کاتێک ئەم وزە تاریکە باڵادەست دەبێت، دەبێتە هاندەری تاودان و خێرابوونێکی گەردوونی. هەردوو نووسەر باس لەوە دەکەن کە ئەم چاخەی ئێستا نزیک دەبێتەوە لە ماوەی وەرچەرخانی نێوان ئەم قۆناغانە. ئەوان لەو باوەڕەدان کە گەردوون بە قۆناغێکی فراوانبووندا تێدەپەڕێت، ئەم فراوانبوونەی ئێستاش بۆ ترلیۆنەها ساڵ بەردەوام دەبێت، پێش ئەوەی بگاتە خاڵێکی شلۆق، و لەوێشەوە پرۆسەکە ئاڕاستەیەکی نوێ وەربگرێت. وێڕای ئەوەی چەندین پرسیار بێ وەڵام ماونەتەوە (بەتایبەت دەربارەی ئەم «وزە تاریکە» گریمانەکراوە)، بەڵام مۆدێلە نوێیەکە پێشکەوتنێکی گەلێک بەرچاوە لەسەر حسابی ئەم مۆدێلەی ئێستا، کە [ئەم مۆدێلەی ئێستا] دەڵێت تەقینەوەی مەزن سەرەتای کات و مادە و فەزا و وزەیە- ڕوونە کە ئەمەش تێگەیشتنێکی ئەبستراکت و نازانستییە. ئەم تیۆرە تازەیە خۆی لەو ئایدیایە دادەماڵێت کە دەڵێت گەردوون سەرەتا و کۆتایی هەیە- [لەکاتێکدا گەردوون] لە ڕووی کات و شوێنەوە بێکۆتایە.

(شتاینهاردت) دەڵێت: «لە وێنەیەکی ستاندارد و باو»دا، ئەگەر و گریمانەی ئەوە هەیە کە تەقینەوەی مەزن سەرەتای کات و شوێن بێت؛ واتە سەرەتا نەبوون (عدم nothingness) هەبووە، پاشان کتوپڕ لە نەبوونەوە کات و شوێن (فەزا) و مادە و تیشکدانەوە و ...هتد هاتوونەتە بوون.

وێڕای ئەوەی جێپێچۆڵکردن و دوورخستنەوەی ئەم مۆدێلە [کۆنە] وەک شتێکی قورس تەماشا دەکرێت، بەڵام زۆرێک لە زانایان نیگەرانیی خۆیان دەربڕیوە بەرامبەر ئەو لێکدژی و پارادۆکسانەی [ئەم مۆدێلە] لەخۆیدەگرێت. هەر بەپێی (شتاینهاردت) تیۆرە نوێیەکە «بە بەکارهێنانی پێکهاتەگەلێکی کەمتر دەتوانێت پێشبینیی گشت تایبەتمەندییەکانی مۆدێلە باوەکە بکات». لەڕاستیدا هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی گەردوون، بۆ نموونە: ئەندازەزانیی گەردوون، یونیفۆرم و چوونیەکییە گشتییەکەی، بە شێوەیەکی تایبەتیش بوونی تاودانە ڕوولەخێراییەکەی،

**ئێمە لەسەر هەسارەیەکی گەلێك بچووکی ناو ئەم گەردوونە فراوانە دانیشتووین، ناتوانین بچین بۆ هیچ کوێیەك تا ئەزموونی نوێ تاقیبکەینەوە- هەموو ئەوەی دەتوانین بیکەین، بەکارهێنانی ئەو ڕۆشناییەیە کە دەکەوێتە سەرمان و لەوێوە بگەینە هەندێك ئەنجامگیری دەربارەی گەردوون**

تەنها لە ڕێگەی مۆدێلێکی خولییەوە بە شێوەیەکی باشتر ڕوون دەبنەوە. نووسەرانی ڕاپۆرتەکە ئایدیاکانی خۆیان لەگەڵ زانایانی دیکەدا باسکردووە و گفتوگۆیان لەسەر کردووە، و وەڵامی پۆزەتیڤ، بەڵام هاوکات «هۆشدارانە»یان پێگەیشتووە.

مۆدێلە نوێیەکە نموونەیەکی دیکەیە لەسەر یاسای دیالەکتیکی گۆڕانی بڕیی بۆ جۆریی. پۆڵ شتاینهاردت بە کەناڵی (بی بی سی)ی ڕاگەیاند: «کایەی ژمارەیی بە تێپەڕینی کات، سیما و خەسڵەتەکانی دەگۆڕێت»، هەروەها زیاتر دەدوێت: «لە کۆتاییدا، ئەم کایەیە دەستدەکات بە دروستکردنی وزە بۆ ئەو خاڵە ناسەقامگیر و شڵۆقەی لەناکاو دەتەقێتەوە و مادە و تیشکدانەوە دروستدەکات و گەردوونی پڕ پردەکات، لەوێوە دەروازەی قۆناغێکی دیکەی فراوانبوون دەکەنەوە».

ئێمە لێرەدا باس لە ماوەی زەمەنیی هێندە زۆر دەکەین کە ئەندێشە ناکرێت. چەندێک بە درێژایی ترلیۆنەها ساڵ خێرایی بەرفراوانبوونەکە زیادبکات، لەگەڵیدا مادە و وزەش بە شێوەیەکی پلەبەپلە بەناو گەردووندا بڵاودەبنەوە. لە کۆتاییدا مادە و تیشکدانەوە، تەنانەت کونە ڕەش و تاریکەکانیش، دەکشێن و درێژدەبنەوە تا دەگەن بە هیچ (nothing) و لە پاش خۆیانەوە گەردوونێکی زەبەلاحی پڕ لە بۆشایی جێدەهێڵن.

«لەم خاڵەی بازنەکەدا، وردەبەشەکانی مادە پەرت و بڵاون -بە خێراییەکی زۆریش لە یەکتر دووردەکەونەوە- بەجۆرێک کە ناتوانن کارلێک بکەن، و بە شێوەیەکی چالاک بەرت دەبن بۆ چەند گەردوونێکی سەربەخۆ و لێک جودا. شتاینهاردت و تورۆک بەم قۆناغە شێوە بۆشاییە دەڵێن «یەکهاتنەوەی مەزن». بۆشایی دەبێتە مایەی لەدایکبوونی وزەی تاریک، هەتاوەکو لە تەقینەوەیەکی مەزنی دیکەدا لە مادە و تیشکدانەوەدا بەرجەستە ببێت، کە دواجار دەبێتە هۆی تازەکردنەوەی خولی فراوانبوونەکە» (National Geographic News, April 25, 2002).

ئەم مۆدێلە کۆتایی بەو هاتوهاواوە دێنێت کە دەڵێت گەردوون لە هیچەوە دروست بووە:

«ئەوەی لەم وێنە نوێیەدا پیشانی دەدەین، ئەوەیە کە تەقینەوەی مەزن سەرەتای کات نییە، بەڵکو لەڕاستیدا [حەڵقەیەکی] دیکەیە لە زنجیرەیەکی بێکۆتای قۆناغەکاندا، کە لە میانەی ئەم زنجیرەیەدا گەردوون بە قۆناغگەلی جیاجیای گەرمیی، فراوانبوون، شێ، داکەوتن و بەتاڵبووندا تێپەڕیوە، پاشان دیسان جارێکی دیکە فراوانبۆتەوە و هەروەها بەو شێوەیە» (ڕاپۆرتێکی بی بی سی).

ئەم وێنەیەی لێرەدا دەربارەی گەردوون خراوەتەڕوو، پڕاوپڕ لەگەڵ تیۆری ماتریالیزمی دیالەکتیکیدا یەکدەگرێتەوە و گونجاوە، چونکە ماتریالیزمی دیالەکتیکیش پێیوایە کە گەردوون بەردەوام لەگۆڕاندایە و بێکۆتا و ئەبەدییە. بەڵام ئەمە بە مانای بەدوورگرتنی ئەگەری ڕوودانی تەقینەوە مەزنەکە نایەت. لەڕاستیدا ئێمە زۆر بە ڕاشکاوی ڕامانگەیاند کە ئەگەری ئەوە هەیە چەندین تەقینەوەی مەزن هەبووبن. گومان لەوەدا نییە ئەوەی کە دەبێت بیخەینە لاوە، ئەو پرسەیە کە [دەگوترێت] مادە

(یاخود وزە، کە هەر یەک شتن) دەشێت لە هیچەوە دروست بووبن (وەک ئەوەی تیۆری تەقینەوەی مەزن باوەڕی پێیەتی)، یاخود دەگوترێت ئەگەری لەناوچوونیان هەیە.

بێگومان گەلێک گرانە چارەیەک بۆ ئەو ئیشکالانە بدۆزرێتەوە کە گەردوونی بێکۆتایی دەیانوروژێنێت. (مارکۆس چاون)ی توێژەر لە بواری کۆسمۆلۆژیادا، دان بەوەدا دەنێت کە گەلێک گرانە مۆدێلێک بۆ گەردوون جێگیر بکرێت. بەوپەڕی ڕوونییەوە دەڵێت: «مێژووی کۆسمۆلۆژیا، مێژوویەکە دەربارەی هەڵەبوونی تەواوەتی ئێمە. مەبەستمە بڵێم کۆسمۆلۆژیا قورسترین زانستە لەناو گشت زانستەکاندا؛ ئێمە لەسەر هەسارەیەکی گەلێک بچووکی ناو ئەم گەردوونە فراوانە دانیشتووین، ناتوانین بچین بۆ هیچ کوێیەک تا ئەزموونی نوێ تاقیبکەینەوە- هەموو ئەوەی دەتوانین بیکەین، بەکارهێنانی ئەو ڕۆشناییەیە کە دەکەوێتە سەرمان و لەوێوە بگەینە هەندێک ئەنجامگیری دەربارەی گەردوون».

وێڕای ئەمەش، زانایان بەردەوامن لە کەشفکردنی نهێنییەکانی گەردوون و سروشت و یەک لەدوای یەک بە ئەنجامی نوێ دەگەن. مێژووی زانست بریتییە لە مێژووی ڕابوونی مرۆڤایەتی لە جەهل و نەزانییەوە بەرەو مەعریفە و زانین، لە هەڵەوە بەرەو حەقیقەت. خۆی لەخۆیدا ئەمە پرۆسێسێکی دیالەکتیکییە، کە هەموو نەوەیەک دەگاتە تیۆرێک و لە ڕێی ئەم تیۆرەوە زۆرێک لە شتەکان ڕووندەکاتەوە. بەڵام لە ئاڕاستەی ئەم ڕەوتەدا، هەندێک لادان و ئینحیراف ڕوودەدەن کە پێچەوانە و دژبەری مۆدێلە قبوڵکراوەکەن. هەر ئەمانەشە دواجار سەردەکێشن بۆ خستنی مۆدێلە قبوڵکراوەکە و جێگرتنەوەی بە مۆدێلێکی نوێ، دواتر خودی ئەم مۆدێلەش دەکەوێتە بەر ڕەحمەتی تێپەڕاندن و جێگرتنەوەی بە مۆدێلی دیکە.

بەم شێوەیە مەعریفەی مرۆڤ زیاتر و زیاتر ڕۆدەچێتە ناو قووڵایی نهێنییەکانی گەردوونەوە، ئەمەش لای خۆیەوە پرۆسێسێکی بێکۆتاییە. هەرگیز ئەو ڕۆژە نایەت کە مرۆڤایەتی بتوانێت بڵێت: «ئیدی ئێستا ئێمە هەموو شتێک دەزانین». گەردوون بێکۆتایە، هەروەک چۆن پرۆسێسی تێگەیشتنی مرۆڤیش بێکۆتایە، بێگومان ئەم پرۆسێسە بە زنجیرەیەکی تەواو پڕ لە هەڵەدا تێپەڕیوە، یان بە مانایەکی دیکە بە زنجیرەیەک لە حەقیقەتی بەشەکی (جزئي) دا تێپەڕیوە.

پێویستە تیۆرە تازەکە لە ڕێگەی تێبینیکردن و تێڕامانەوە بسەلمێنرێت و ساغ بکرێتەوە. چەندین ڕێگەش هەن لەو پێناوەدا. بۆ نموونە شەپۆلەکانی کێشکردن، تایبەتمەندییەکی گەردوونە کە ڕێژەگەرایی گشتی پێشبینیی کردبوو، لەم دوو مۆدێلەدا دوو فۆڕمی جیاواز وەردەگرێت. لە گەردوونی خولییدا هیچ شەپۆلێکی کێشکردنی درێژ بوونی نییە، لەکاتێکدا لە گەردوونی هەڵاوساودا بەدیدەکرێت و هەیە.

بەم شێوەیە پێوانەی شەپۆلەکانی کێشکردن و تایبەتمەندییەکانی «وزەی تاریک»، دەشێت ببنە ڕێچکەیەکی یەکلاکەرەوە بۆ جوداکردنەوەی دوو وێنە

لـە ڕێگـەی تێبینیکردنـەوە. هەوڵـەکان بەردەوامــن بـۆ پێوانەکـردن و جوداکردنـەوەی شـەپۆلەکانی کێشـکردن، بـەڵام ڕەنگـە پێویسـتی بـە چەندیـن سـاڵ هەبێـت بـۆ کۆکردنــەوەی داتــای بەکەڵــک. مانگــی دەســتکردی «پلانـک Plank»، کـە لەلایـەن ئیسـا (ئاژانسـی فەزایـی ئەوروپـی)وە ئاڕاسـتەی فـەزا دەکرێـت، هاوکارێکـی تـەواو دەبێـت بـۆ یەکالاکردنـەوەی ئـەم پرسـە.

هێشـتا زووە کـە بڵێین بـەو هۆیـەوە لێکۆڵینەوەیەکی ورد و تێروتەسـەل دەکرێـت. بـەڵام پێویسـتە بگوترێـت کـە ئیـدی کەلێـن و کێماسـییەکانی تیـۆری تەقینـەوەی مـەزن ڕوونـن و ناشـاردرێنەوە، گەڕانیـش بـەدوای ئەڵتەرناتیڤـی ئـەو تیـۆرەدا بەردەوامـە. ئـەم تیـۆرە نوێیـەی قسـەی لەسـەر دەکرێـت ئەگـەر لـە وردەکارییەکانیـدا ڕاسـت بێـت یاخـود نـا، بـەڵام ئـەو میتـۆدەی نووسـەران و دانەرانـی گرتوویانەتەبـەر -کـە میتۆدێکـی ماتریالیسـتی و دیالەکتیکییـە- میتۆدێکـی ڕاسـتە. وەک چـۆن زۆر بـە ڕوون و ڕاشـکاویی لـە گۆڤـاری «زانسـتەکان»دا نووسـیویانە: «بڕیـاری کۆتایـی لای سروشـتە».

سەرچاوە:

https://www.marxy.com/philo-science/big-bang_alternative_april2002.htm

https://www.marxist.com/big-bang-alternative300402.htm